# ناودارانی تورک کە دژی سیاسەتەکانی ئەردوگان ... رەزاشوان



کەسایەتییە ناسراو و ناودارەکانی تورک لە، نووسەران، هونەرمەندان، سینەماکاران، وەرزشوانان، میدیاکاران، رۆشنبیران، سیاسەتمەداران، لە ناوەوە و لە دەرەوەی تورکیادا، زۆرن ئەوانەی کە بە ئەوپەڕی ئازایەتی و بوێری راشکاوییەوە، رەخنەیان لە سیاسەتە شکستخواردووکان و لە رەفتارە چەوتەکانی ( ئەردوگان ) ی لە خۆبایی گرتوون، کە لە پێناوی مانەوەی لە پۆستەکەیدا، دەسەڵاتی قورخکردووە و، تاکڕەوانە بڕیاردەدا و، ئازادی و دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤی لە تورکیادا تاساندوون .. ئەردوگان چارەنووسی تورکیای خستۆتە مەترسییەوە، لە سایەی دەسەڵاتی ئەردوگان و پارتەکەیدا، لە ئێستادا تورکیا خوێنی لێدەچۆڕێتەوە .. ئەردوگان لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامیدا، دەیەوێت خۆڵ لە چاوی خەڵکی بکات .. ئەوەی ئاگاداری قسە ژاراوییەکانی و کردارە قێزەوەن و خوێناوییەکانی ئەردوگان بێت، دەزانێت کە چەند کابرایەکی دووڕوو و درۆزنە، چەند خۆپەرست و دەسەڵاتپەرستە .. ئەوەی پێی بڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە، ئەو بە ناپاکی دەزانێت .. ئەوەی داوای ماف و ئازادی وئاشتی و دیموکراتی و یەکسانی و دادپەروەری بکات، ئەو بە تیرۆریست تاوانباری دەکات .. تا ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسان و، رۆشنبیران و، پارێزەران و، چالاکوانان و ، تێکۆشەران، بە تایبەتیش ئازادیخوازان و ئاشتیخوازانی گەلی کوردمان لە باکووری کوردستاندا، بە تۆمەتی ئەوەی کە داوای ئازادی و، ئازادی رادەربڕین و، دیموکراتی و ئاشتییان کردوون و، یا رەخنەیان لە سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی ئەردوگانی دیکتاتۆر گرتوون .. بەندکراون و، پیسترین ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەدرێن،.. تاوانیشیان ئەوەیە کە بە رەشیان نەوتووە سپییەوە و، چەپڵەیان بۆ حەزرەتی ئەردۆگان و بۆ قسەکانی لێنەداون، لەبەر ئەوەی پێیان وتوون تۆ هەڵەی و.. دەستەکانت بە خوێنی هەزاران بێتاوانانی کورد سوورن .. خۆت لە سەرووی یاساوە دەزانیت .

زۆر بە کورتی باس لە هەڵوێستی ئازایەتی تەنها پێنج لە ناسراوانی تورک دەکەین کە رەخنەیان لە خۆبایبوونی ئەردوگان گرتوون .. کە لەپێناوی گۆڕینی دەسەڵات لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی .. بەڵکو بۆ دیکتاتۆریەت .. ئەوەی نەشیاوە و ناشێ دەیکات .. ئەمانەش چەند نموونەیەک لە سەدان ناوداری تورک کە ناڕازین لە سیاسەتی شکستخواردووی ئەردوگان .. تەنانەت ئەردوگان لە پێناوی پۆستەکەی و تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا نزیکترین هاوڕێکانی خۆشی بە نەیار و ناپاک تاوانبارکردوون .

## خاتوو ئێلیف شافاک، ڕۆماننوسی ناسراو :

ئێلیف شافاک، ڕۆماننووسێکی ناسراوی تورکە، بە زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێ و، تا ئیستا چەندی ڕۆمانی نووسیوە .. شافاک دەڵێ : " ئەردوگان بێلایەن نییە .. ئەو خاوەنی سیاسەتێکی دوژمنکارییە .. خۆهەڵکێشە و زمانێکی لە خۆبایی هەیە .. ئەوە توندوتیژی لە وڵاتدا نایەوە، بۆ ئەوەی بۆ سوودی خۆی بیقوزێتەوە .. زیاتر لە هەموو سیاسییەک خەڵکی لە یەک دابڕیوون "

شافاک لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی ( لاپۆلیکا ) ی ئیتاڵی دەڵێت : " وڵات لە سایەی سیاسەتی دۆژمنکاری ئەردوگان دا، تووشی نەهامەتییەکی زۆر بووە .. با بەس بێت بۆ ئەم ڕەفتارانەی .. هەرگیز سیاسەتی سەرکوتکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن قبووڵ ناکەین .. هەرکەسێ بە ئازادی ڕای خۆی بنووسێ .. ئەو بە دوژمنی ناوخۆ ناوی دەبات "

شافاک لە سایتی ( دیکان ـ هەواڵەکانی تورکیا ) دەڵێ : " زۆربەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی ئۆپۆزسیۆن، کارەکانیان لەدەست داون، بەڵکو لەسەر ڕای سیاسییان دادگایی کران .. وڵاتەکەمان وای لێهاتووە هەرکەسێک وێنەیەکی کاریکاتێری بکێشێت، یا گۆرانییەکی بەرهەڵستی بڵاوبکاتەوە دادگایی دەکرێن "

ئێلیف شافاک ئاماژەشی بەوە کرد : " بردنەوەی کوتوپڕی پارتی داد و گەشە، لێدانێکی بەهێز بوو بۆ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان .. تا ئەو ڕادەیەی من وا هەست دەکەم کە دوورخراوینەتەوە .. نیوەی گەل هەست بە تەنیای و شکستی دەکات "

پێشتریش شافاک لە ڕۆژنامەی ( فاینانشیاڵ تایمز ) ی بەریتانیدا وتویەتی : " ئەردوگان سەرۆکێکی بێلایەن نییە .. هەر ئەوە کە هەموو هەوڵەکان لە پێناوی حکوومەتێکی هاوپەیمانی ( فرەلایەنی ) کە وڵات بە ڕێوبەرێت شکستپێهێنا .. بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لە دڵیدا جێگیر بکات "

شافاک دەشڵێ : " ئەردوگان ئاینی قۆستۆتەوە "

ئێلیف شافاک لە تازەتری ڕۆمانی چاپکراوی کە ناوی ( ڕسوابووەکەی ئەستەمبوڵ ) ە، کە زۆرترین لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی لەسەر کراوە، شافاک بە هۆی ئەم ڕۆمانەیەوە بە تاوانی ( لۆمەی تورکی ) تاوانبار کراوە .. شافاک لەم ڕۆمانەیدا، گەلی تورک ڕووبەڕووی ڕابردوویان دەکاتەوە .. لە ڕاستی تێوەگلانی باپیرە عوسمانییەکانیان، لە کوشتنی ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی لە ساڵی ( ١٩١٥ ) دا دێنێتەوە یادیان .. " تا دێتە سەر ئەوەی کە : " هاوڵاتی تورکی لە ونبوونێکی بەردەوام دان .. نە ڕۆژهەڵاتین و نە ڕۆژئاواین .. نەشیان توانیوە لە ڕابردووی خۆیان ڕزگاریان بێت .. نەشیان توانیوە هاوشێوەی ڕۆژئاوایی بن و لەوان بن .. " شافاک لەم ڕۆمانەیدا باسیش لەوە دەکات کە پارتی دەسەڵاتدار، بە تایبەتیش ئەردوگان، سەرکوتی ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆن دەکەن .."

## بێرین سات، ئەستێرەی دراماکانی تورکی :

ئەستێرەی گەشی دراماکانی تورکی، ئەکتەری شۆخ و شەنگ، هونەرمەند خاتوو ( بێرین سات ) کەلە درامایەکدا، لە دۆبلاجکردنی بۆ عەرەبی بە ناوی ( سەمەر ) ەوە رۆڵی پاڵەوانێتی هەبوو .. بە زەردەخەنەیەکی ناسک و شیرین و گەشەوە .. لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی پەرلەمانی تورکیادا، ئەو راستەوخۆ رەخنەی لە ئەردوگان و لە پارتە دەسەڵاتدارەکەی نەگرت، تەنانەت بە ئاشکراش ئەوەی رانەگەیاند، کە دەنگ بە پارتی دیموکراتی گەلان ( هە دە پە ) دەدات، کە زۆرینەی ئەندامەکانی کوردن .. بەڵام دەنگدانی بە ( هە دە پە ) و، لێدوانەکانی لەسەر ئەو کارەساتانەی لە ئەمڕۆدا لە تورکیادا روودەدەن .. گوزارشتن لە هەڵویست و لە سیاسەتی بێرین سات لە دژی ئەردۆگان و حکوومەتەکەی، گوزارشتن لە پشتگیریکردنی ئاشکرای بۆ خەباتی رەوای گەلی کوردمان .

لە پێشا بێرین سات، رەخنەی لە توندوتیژییەکان گرت، کە بەرانبەر خۆپیشاندەران دەکرێن .. لەسەر لاپەڕەی ( ئەنیستاگرام ) کە زیاتر لە ملیۆنێک بینەری هەیە .. بێرین سات نووسیویێتی : " پێویستە لە هەفتەیەکی وادا هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشین . گەر بەراوردێک لە نێوان تورکیا و وڵاتانی تردا بکەن .. پێویستە لە دوورەوە بوەستن و لە تەواوی دیمەنەکە بڕوانن، پێش ئەوەی کە ئەوە بڵێن کە وڵاتەکەتان دیموکراتییە، پێویستە ئەوە ببینن کە چۆن وڵاتەکەتان ئازادییەکانی لووش کردووە .. ئەو هەواڵانەی پەیوەندییان بە توندوتیژییەوە هەیە لە دژی خۆپیشاندەران .. شەرمەزارمان دەکەن "

بە پێی سایتی ( میترۆسفار ) ی تورکی، خاتوو بێرین سات، باز بەسەر هیچ رووداوێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی نەداوە، کە رای گشتییان سەرقاڵ کردووبن، بێرین سات بە راشکاوی و بە ئازاییەوە رەخنەی گرتووە و، گوزارشتی لە رای خۆی کردووە .

بێرین سات، دەربارەی تاوانەکانی دەرهەق بە ژنان لە تورکیادا دەڵێ : " لە وڵاتەکەماندا، ژنان مافی ژیانیان نییە .. داوای سزای بەندکردنی تا هەتایی دەکەین لەسەر ئەو کەسانەی کە تاوانی توندوتیژی لە دژی ئافرەت ئەنجام دەدەن .. هیچ چاوپۆشی و سازشێکیش لەسەر ئەم تاوانانە نابێت بکرێت "

بێرین سات، کە شۆفێرێکی بێتاوانی کورد لە لایەن ئاسایشی تورکیاوە شەهید کرا دەڵێ " شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەیان سووتاند، کە سەر بە پارتی دیموکراتی گەلان بوو .. هەردەم دەڵێن تیرۆرییستن، تا گەل بووە بە تیرۆریست .. چۆن ئەم هەموو رق و کینەیە دروست دەکەن ..؟! ئەمانە تەنها سیاسەتی هەڵبژاردنن، دەبێت لەو دنیایەی کە زۆر لێی دەترسن، لەسەر ئەو تاوانانەی کە لێیان بەرپرسن .. لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت .. کە بەبی تاوان خوێنی منداڵان و، رۆژنامەنووسان و، شسۆفێرەکانیان رشت "

خاتوو بێرین سات هەر لەبەر ئەوەی کە رەخنەی لە پارتی دەسەڵاتدار گرت و، پشتگیری لە پارتی دیموکراتی گەلان کرد .. رۆژنامە بەکرێگیراوەکانی دەسەڵات زۆر بە توندی هێرشیان کردە سەری و گەلێ توومەتی هەڵبەستراو و، قسەی ناشیرین و سووکایەتییان پێکرد .. بەڵام بێری سات، ئامادەبوو کە باجی ئەم هەڵویستە ئازاییانەی بدات و .. خۆڕاگربێت بەرانبەر بەو توومەتانەی خراونەتە پاڵی .

## ئۆرهان بامۆک، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب :

نووسەری بە ناوبانگی تورک ئۆرهان بامۆک، براوەی ( خەڵاتی نۆبڵ ) ی ئەدەبی ساڵی ( ٢٠٠٦)، بە تووڕەترین نووسەری دژ بە دەسەڵاتی ئەردوگان و پارتەکەی دادەنرێت .. بامۆک ئەردوگانی سەرۆکی تورکیای بە ستەمکار و سەرکوتکەری ئازادی ناوبرد .. ئەوەی وت کە ئەردوگان ئازادیی رادەربڕینی بە ناخادابردووە .

بامۆک وتی : " من هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم بەرانبەر بە سیاسەتی ستەمکارانەی ئەردوگان، ئەردوگانی تووڕە لە ئەنجامەکانی حەوتی یۆنیۆ ، بڕیاری دووبارە هەڵبژاردنی پێشوەختی لە وڵاتدا دا چونکە لە بەدەستهێنانی دەنگەکانی کوردەکاندا شکستی هێنا .. وڵاتی دووچاری گێرەشێوێنی و شەڕ کردووە "

بە پێی رۆژنامەی ( بیرگون ) ی ئۆپۆزسیۆن، دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەردوگان بە رێکخراوی داعشی تیرۆریستەوە، بامۆک دەڵێ : " گەل باش لە پلانەکانی ئەردوگان گەیشتووە .. لە سەرەتادا وەڵامی وڵاتانی هاوپەیمانی نەدایەوە بۆ بەشداری کردن لە لێدانی داعشدا .. بەڵام لە پڕێکدا رێی بە ئەمریکییەکان دا، کە بۆیان هەیە لە لێدانی داعشدا وڵاتەکەی بەکاربهێنن .. لە هەمان کاتیشدا کەوتە لێدانی کورد .. خەڵکی داماون و سەریان سوڕماوە .. چۆن لە گفتوگۆی ئاشتیدابن و، لە هەمان کاتدا خۆیان لە شەڕی داعش و کورد دا دەبیننەوە .. من بە راستی هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەم .. چونکە ئەردوگان دەیەوێت تاکڕەوانە وڵات بەڕێوەبەرێت، چیش رووبدات و، هەر ئاکامێکیشی لێبکەوێتەوە بە لایەوە ئەوە گرنگ نییە .. ئەو نایەوێت لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەشداری دەسەڵات بکات "

بە پێی ئەوەش کە لە رۆژنامەی ( زەمان ) ی ئۆپۆزسیۆندا بڵاوکراوەتەوە .. پێشتریش بامۆک پارتی داد و گەشەی بەوە تاوانبار کرد، کە گرنگی بە پارە کۆکردنەوە دەدەن، زیاتر لە گرنگی پێدانیان بە ئایین .. بەکارهێنانی وشەی ئیسلامیش، بۆ رازاندنەوەی وتارەکانیانە .

لێدوانەکانی بامۆک لە ساڵی ( ٢٠٠٣) دا، کە تایبەتن بە کوشتنی ( ملیۆن و نیوێک ) ئەرمەنی و، بە کوشتنی ( سی هەزار ) کورد لە باکووری کوردستاندا .. بوو بە سەرەتایەک بۆ ئەوەی کە پارتە ئیسلامییەکان و نەتەوەییەکانی تورکیا گڕیان تێبەربێ و دژایەتی بامۆک بکەن، تا گەیشتە ئەوەی کە هەڕەشەی کوشتنی لێبکەن .. ئۆرهان بامۆک بڕیاری دا، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبێت ..

بەوەش تاونباریان کردووە کە ( سووکایەتی بە ناسنامەی تورکی ) کردووە و، چۆتە پاڵ ( لۆبی ئەدەبی جیهانی ) کە تایبەتە بە ڕێکخراوە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی ڕەخنە لە حکوومەتی تورکیا بگرن .

### فاتیح ئاکین، دەرهێنەری سینەمایی :

دەرهێنەری سینەمایی ئەڵمانی فاتیح ئاکین کە بە ڕەگەز تورکە .. لە نامەیەکیدا کە بۆ ( عەبدوڵلا گول ) ی سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیای ناردووە، نامەکەی ڕاسترین بەڵگەیە، تێیدا سیاسەتی ئەردوگان ڕەت دەکاتەوە، فاتیح ئاکین نووسیوێتی : " ئەردوگان سەرکوتکەرە و، زۆر دوورە لە پرانسیپەکانی دیموکراتییەوە "

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ( گیزی پارک ) ی ساڵی ( ٢٠١٣) لە تورکیا دا، فاتیح ئاکین نامەیەکی بۆ عەبدوڵلا گول نارد، تێیدا نووسیوێتی : " گەورەم سەرۆک، لە ئەنجامی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە لایەنە هێزەکانی ئاسایشەوە، لە ئەنجامی بەکارهێنانی فیشەکی ڕاستی و گازەوە، بە سەدان کەسیان پێکا، فیشەکی ڕاستییان نایە منداڵێکی تەمەن (١٤) ساڵان، مێشکی خوێنی لێدەچۆڕێتەوە .. گەورەم سەرۆک، ئەو پزیشکانەش گیران کە خۆبەخشانە تیماری بریندارەکانیان دەکرد، گوایە ئەمانە تیرۆریستن و نابێ تیماربکرێن .. تەنانەت ئەو پارێزەرانەش بەندکران کە داکۆکییان لە مافەکانی خۆپیشاندەران کرد " .. هەر لە هەمان نامەدا ئاکین : " گەورەم سەرۆک، پۆلیس چەندین تۆن گاز و فیشەکی ڕاستی بەکاردەهێنن، دەست ناپارێزن و جیوازیش ناکەن .. ئێوەش بێدەنگن، ئایا ئەوە مافی گەل نییە کە تێبگات لە ئێستادا چی ڕوودەدات .. ؟ گوایە ئێوە و پارتەکەتان دە ساڵ پێش ئێستا داکۆکیتان لە پرانسیپەکانی ئازادی و دیموکراتی دەکرد ! "

فاتیح ئاکین لە ساڵی ( ٢٠١٤) دا، لە فیلمێکی سینەماییدا، کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆیەتی، ماوەی درێژی فیلمەکە (١٣٥) خولکە، باس لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەکات، کە لە ساڵی ( ١٩١٥) دا، لە کاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە شەهید کران، زیاتریش لە ملیۆنێک ئەرمەنی لە تورکیادا دەربەدەرکران و، ئاوارەی وڵاتە دراوسێکان بوون .. ئەم فیلمە و هەڵوێستی ئازایانەی فاتیح ئاکین، بەرپاکردنی جەنگێکە لە دژی تورکیا، بە تایبەتیش ئەردۆگان کە تا ئەمڕۆش نکوولی لە ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان دەکات .. تا ئەمڕۆش دان بەم توانە نامەردی و قێزەوەنە ڕەگەزپەرستییەی باپیرە عوسمانییەکانیدا نانێت.

ساڵی ڕابردوو لە فیستیڤاڵی بیست و شەشەمینی سینەمادا، کە لە ( قاهیرە ) ی پایتەختی میسر سازکرا، دەستپێکی فیستیڤاڵەکە بە نمایشی فیلمەکەی ئاکین دەربارەی ( ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان) دەستی پێکرد .. ئەمەش چەمۆڵەیەکی شەرمەزاری بوو، کە لە ئەردوگان و لە ڕژێمەکەی نرا .

## هاكان شكور، ياریزانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی توركیا :

**هاكان شكور یاریزانی بە توانای پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی توركیا، خاوەنی خێراترین ماوەی تۆماركردنی گۆڵی مۆندیال، پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان ئەردوگان و هاكان شكوردا هەبوو .. ئەمە وایكرد كە هاكان شكور ببێت بە ئەندامی پارتی داد و گەشە .. لە لایەن ئەم پارتەشەوە، هاكان بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەكەی ساڵی ( ٢٠١١) ی توركیا كاندید كرا .. بەڵام بارودۆخەكە و پەیوەندی نێوان ئەردوگان و هاكان شكور زۆری نەخایاند .. لە ساڵی (٢٠١٣) دا، هاكان خۆی لە پارتەكەی ئەردوگان كێشایەوە .. بە هۆكاری گەندەڵی لە ریزی ئەم پارتە و، تێوەگلانی كوڕەكەی ئەردوگان بە بەرتیل وەرگرتن، هاكان وازی لەم پارتە هێنا .. لەو كاتەوە شەڕێكی ئاشكرا لە نێوان هاكان و ئۆردوگاندا هەیە .. دواترین شت كە هاكان شكور دەربارەی ئەردوگان وتی لە دوای خنكانی ( ئالان كوردی ) بوو، هاكان توانجە پەخشانێكی بە ناوی ( كارەسات ) ەوە، لە رۆژنامەی ( سەبـاح ) ی سەر بە ئەردوگان بڵاوكردەوە، كە تێیدا نووسیوێتی : " رەجەب تەیب ئەردوگان، لە سێپتەمبەری ساڵی ( ٢٠١٢) دا، وتی : " رۆژی هەینی لە شام نوێژی هەینی دەكەم " بڕوانن ئێمە واین لە سێپتەمبەری ساڵی ( ٢٠١٥) دا، لاشەی منداڵانی سوریا لەسەر كەنارەكانی دەریاكاندا كەوتوون "**

**هاكان شكور شكاتی لێكراوە و لە لایەن دادگاوە لێپێچیەوەی لەگەڵدا دەكرێت .. بەوە تاوانبار كراوە كە ( سووكایەتی بە سەرۆكی توركیا كردووە ) .**

**هاكان سەرسەختترین بەرهەڵست بوو، دژی كاندیدكردنی ئەردوگان بوو، بۆ سەرۆكی وڵاتەكەی .. هاكان لە نووسینێكیدا دەڵێ : " كاندیدكراوێكی سەرۆكایەتی، ئایین دەقۆزێتەوە .. كاندیدكراوێكی سەرۆكایەتی، قسە لە بارەی بەرتیل و قەدەغەكردنی دزی لە مزگەوتەكاندا دەكات، كاندیدكراوێكی سەرۆكایەتی، لە جیاتی خۆشەویستی و باوەشگرتنەوە بۆ گەل، رق بڵاودەكاتەوە .. "**

**رەزا شوان**

**نەرویج: ( ٢٧ی/ یونی / ٢٠١٦)**